

**هاوار طيب**

**نيشتمانی من**

من، نيشتمانێکم هەيە
پڕيیەتی
لەبەشينەوەی
ڕق.!

نيشتمان بمووره
لەگەڵ هەنگاوەکانمدا
مينەکان دەتەقن،
تۆپ هاوێژەکان
کوێرايی دەبەشنەوە...
لەتەقينی مينەکان پێما
دەرياش پڕ دەبێ
لەخومار.!
جيوتيش* ناتوانێ
هەنگاوەکانی
سبەينێيەك دياری بکات.

کەمارا **گەيشت
ئيتر،
نيشتمان پڕ دەبێ
لەخوێن و
گەمژەکان
هەنگاوی سبەينێمان
ئەگێڕنەوە بۆ دوێنێ.

ئەی گەمژە!
چيتر بەپۆستاڵەکانت
سبەينێی من و
دوێنێی خۆت و
ئەمڕۆی نيشتمان، لەيەك مەدە.

ڕانيە
هاوار تەيب

*جيوتيش: ئەستێرەناس.
**مارا:خوداوەندی تاريکی، وەشەيتان لای ئايينە ساميیەکان.